یەکەمین ماڵپەڕی کوردی تایبەت بە پرسیار و وەڵامی شەرعی

# پێنج دەستکەوتەکە

نوسینی

سعيد بن أحمد القحطاني

وەرگێڕانی

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org - walamakan.com

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على سيد المرسلين نبينا محمد، وعلى آله وصحبه أجمعين، ومن اهتدى بهديه إلى يوم الدين. أما بعد:

مرۆڤ چەند لە مانگ دەچێت، کە چۆن لەسەرەتادا بچووك دەردەکەوێت و پاشان گەورە دەبێت هەتا دەگاتە نیوەی مانگ و دەدرەوشێتەوە و دەبێتە مانگی چواردە و تەواو دەردەکەوێت و سوودی زۆرترە، بەڵام ئەوەندەی پێ ناچێت وردە وردە دەست بە کەم بوون و لاوازی دەکات و پاشەکشە دەکات هەتا دەکاتە لاوازترین خاڵی پێش ئەوەی مانگ کۆتایی پێ بێت، بۆ دواجاریش دیار نامێنێت و وون

دەبێت، بۆ ئەوەی خورشیدی مانگێکی تـر هەڵبێـت و کاتێکی تازە دەست پێ بکات.

بەهەمـان شـێوە مـرۆڤیش سـەرەتا کە لەدایـك دەبێـت بچـووك و لاوازە وپاشـان وردە وردە گەورە دەبێت و بەقۆناغی گەنجێتیدا تێپەڕدەبێت هەتا دەگـاتە تەواو پێگەیشـتن و چـل سـاڵی، خـوای گەورە دەفەرموێت: [ حَتَّى إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً ][1] واتە: تاکو ئەو کاتەی کە مرۆڤ دەگاتە کۆتایی هێـزی لەڕووی جەسـتەیی و مێشـکەوە ، و گەیشـتە چـل ساڵان.

---

[1] (الأحقاف:١٥)

پاشان سەر لەنوێ دەست بە لاربوونەوە دەکات بۆ ئەوەی بگات بە وێستگەیەك کە پەککەوتەییە ئەگەر خوا ژیان و تەمەنی پێ بەخشیبێت، ئەو لەگەڵ ئەم وێستگەیەشدا ئیتر چاوەڕێی گەیشتنی کاروانی لەززەت بڕی مردنە کە بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لەم دونیا دەکات و گەشتێك دەکات کە گەڕانەوەی نییە، چەند زوو مرۆڤ دەگاتە ئەم قۆناغە و کەچی بیری لای نییە، مانگە شەوی تەمەنی ڕوو لە ئاوابوون دەکات و ژیانێکی نوێ وجیاواز دەست پێ دەکات کە تەنها خوای گەورە چۆنیێتی و ماوەکەشی دەزانێت کە بریتیە لە ژیانی ناوگۆڕ (بەرزەخ).

ئەو کەسـەی بیردەکـاتەوە لە تەمەنـی مـرۆڤ و مانـگ ئەوەی بـۆ دەردەکەوێـت کە ڕۆژ و شـەوەکان لەنێوانیانـــدا هاوبەشـــن، چـــونکە هەر ڕۆژێـــك کە لەتەمەنی دەڕوات ئیتر ناگەڕێتەوە هەتا ڕۆژی قیامەت، بـۆیە پێغەمـبەری خـوا ﷺ هـانی داویـن لەسـەر قۆستنەوەی هەلی تەمەن و ژیان ودەفەرمویت:

{ اغتنمْ خمسًا قبلَ خمسٍ : شبابَك قبلَ هَرَمِك، وصِحتَك قبلَ سَقَمِك، وغناك قبلَ فقرِك، وفراغَك قبلَ شغلِك، وحياتَك قبلَ موتِك. }[١] واتە: پێنج شت بقۆزنەوە پێش ئەوەی پێنج شتتان بەسەردا بێت:

---

[١] [رواه الحاكم وصححه الألباني].

گەنجیت پێش پیربوونت، لەشساغیت پێش نەخۆش کەوتنت، دەوڵەمەنیت پێش هەژاریت، دەستبەتاڵیت پێش سەرقاڵ بوونت، ژیانت پێش مردنت.

جا ورد بەرەوە کە چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو پێنج شتەی بە دەستکەوت و غەنیمە ناوبرد و ناوهێنا، وەکو ئەوەی بەندە لەشەڕدا بێت لەگەڵ کاتدا، ئەوەش لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەم پێنج شتەی کەلەفەرموودەکەدا باس کراوە بریتیە لە کارەکتەی کات و زەمەن، چونکە لەنێوان گەنجێتی و پیربووندا تەنها کات هەیە و لەنێوان تەندروستی و لەشساغی و نەخۆشکەوتندا تەنها کاتە و لەنێوان دەوڵەمەندی و

هەژاریشـــدا تەنهـــا کـــاتە و لەنێـــوان دەســـتبەتاڵی و سەرقاڵیشـــدا دیســـان کـــاتە، و دواجـــار ئەوەی نێـــوان مرۆڤ و مردنیشە تەنها بەسەرچوون و نەمانی کاتتە لە ژیانتدا، کـۆی هەمـوو ئەو شـتانەش پێـی دەوترێـت " تەمەن " جا یان دەیقۆزیتەوە وبەکاری دەهێنیت یـانیش بەفیڕۆی دەدەیت و دەڕوات.

بۆیە گەنجێتی دەستکەوتە و پیری تێکی دەدات، لەشســاغی دەســتکەوتە و نەخۆشــی تێکــی دەدات، دەوڵەمەنــدی دەســتکەوتە و هەژاری تێکــی دەدات، دەســتبەتاڵی دەســتکەوتە و ســەرقاڵی تێکــی دەدات و ژیان هەمووی دەستکەوتە و مردن تێکی دەدات، ئـای

## پێنج دەستکەوتەکە

دەستکەوتەکان چەند زۆر و هەمەچەشنن، بەڵام کـوان ئەوانەی دەســــــــتکەوت کـــــــۆدەکەنەوە و دەرفەت دەقۆزنەوە؟!

## گەنجێتیت پێش پیربوونت

چەنــــد زۆرن ئەو گەنجــــانەی کە لە تەمەنــــی لاوێتیدان و تووشــی بەخۆسەرسام بــوون هــاتوون و بیــــرلەوە ناکــــاتەوە کە مـــردن هەمـــوو خۆشــــیەکان دەپچڕێنێـــت و لەززەتەکــــان تێــك دەدات، ئومێـــد و هیواکــان بڵاوبـــوونەتەوە بەنێـو خەڵکیـــدا بەشــێوەی هەڕەمەکـــی، و مرۆڤەکــانیش بەدوای بەدەســـتهێنان و گەیشتن پێیان هەموو شیو و دۆڵێـك دەبـڕن وەهەسـکە هەسکیانە بەدوایاندا و هەســت بەخـۆی ناکـات هەتـا کاتێـك ڕۆح گەیشـتۆتە گەروو و خەریکــی گیانـدانە، لەو کـــاتەدا چــاوەڕوانە بەڵکــو یەکێـك بێــت چــاکی بکاتەوە و شیفای بۆ بێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: [ وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ كَمَا فُعِلَ بِأَشْيَاعِهِم مِّن قَبْلُ إِنَّهُمْ كَانُوا فِي شَكٍّ مُّرِيبٍ [سبأ:٥٤]، واتە: دابڕانیش کەوتە نێوان بێباوەڕان و ئەوەی ئارەزووی لێدەکەن لە تۆبەکردن و پەشیمانبوونەوە و گەڕانەوە بۆ دونیا بۆ ئەوەی باوەڕبهێنن ، هەر وەك چۆن خوای پەروەردگار وایکردووە بە هاوشێوەکانیان لە بێباوەڕانی گەلانی پێشوو ، ئەوان لە دونیادا لە گوماندابوون سەبارەت بە پەیامبەران و زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە ، و گومان و دڵەڕاوکێیان دروستکردبوو ، هەر لەبەر ئەوە باوەڕیان نەهێنا .

بەڵام ئەگەر لەو کەسانە بێت کە کەمتەرخە و گوێ نادات و بەردەوامە لە گاڵتە وگەپی خۆی ئەوا لەناکاو خۆی دەبینێتەوە کە وا ڕۆژەکانی تەمەنی ڕۆیشتن و ساڵەکانی ژیانی گوزەریان کرد، ئەوجا خۆی لە پیریدا دەبینێتەوە و پەشیمانیش نەسوودی بۆی هەیە و نە فریای دەکەوێت.

لە ئەبی هورەیرەوە ﵁ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە دەفەرموێت: { أَعْذَرَ اللَّهُ إلى امْرِئٍ أَخَّرَ أجَلَهُ، حتَّى بَلَّغَهُ سِتِّينَ سَنَةً } [رواه البخاري].

واتە: هەرکەس تەمەنی گەیشتە شەست ساڵ ئیتر هیچ بڕوبیانوویەکی بەدەستەوە نامێنێت بۆ ئەنجامدانی تاوان و گوناه، و دواخستنی تۆبە و خوا بیانووی ئەو کەسەی بڕیوە.

## تەندروستیت پێش نەخۆش کەوتنت

چەند زۆرن ئەوانەی کە لەشساغ بوون و خـاوەن تەندروستیەکی باش بوون بەڵام نەخۆشی چـۆکی پـێ داداون پێش ئەوەی بتوانێت خۆی لێ بپارێزێت ولێـی دەربچێت، ئیتر ئەو کەسـە لەحـاڵەتی نەخۆشـیەکەیدا ناتوانێـت ئەو کـاروکردەوە چاکـانە ئەنجـام بـدات کە لەکـاتی لەشـیاغیدا نەیکردبـوون و هەربیریشـی لـێ نەکردبوەوە، جا لەو کاتەدا خوازیـارە کە کەمتەرخەمـی نەکـردایە لەکـاتی لەشسـاغیەکەیدا، یـاخود کەسـەکە تووشی نەخۆشی جەستە نەبووە بەڵکو نەخۆشـی بـێ ئاگایی داویەتی لێی و تاوان لەسەر دڵی کۆبـوەتەوە و

کەڵەکەی کردووە و وای کردووە کە دڵی داپۆشێت و تەنانەت هەڵبگەڕێتەوە ئەو دڵە، بەشێوەیەك چاك بەخراپ ببینێت و خراپیش بەچاك، ناشتوانێت لەو دۆخە دەربچێت و دەربازبێت، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: [كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ] [المطففين:١٤]

واتە: ئەوان دڵەکانیان پەردەپۆشکراوە بەهۆی ئەو هەموو تاوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

دەبوو ئەو کەسە فریای خۆی بکەوتایە بەڵام وا تەمەنی ڕۆیشت و ئاوڕی لێ ناداتەوە و بەچاوەڕوانی ئەو ئومێد و هیوایانەوە دەبینێت وا لەسەر جێگا

کەوتووە و بەخۆڕایی خـۆی فرۆشـت بەشـەیتان: [أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَا حَسْرَتَى عَلَى مَا فَرَّطتُ فِي جَنبِ اللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ السَّاخِرِينَ (٥٦) أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ اللَّـهَ هَـدَانِي لَكُنتُ مِنَ الْمُتَّقِينَ (٥٧) أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى الْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِي كَرَّةً فَـأَكُونَ مِـنَ الْمُحْسِـنِينَ] [الزمـر:٥٦-٥٨].

واتە: گوێڕایەڵی پەروەردگارتان بن و بگەڕێنەوە بۆ لای بـۆ ئەوەی کەس پەشـیمان نەبێـتەوە و بڵێـت : ئـای ڕەنـجەڕۆ و پەشـیمانی بەخـۆم لەوەی کە کەمـتەرخەم بووم لە جێبەجێکردنی ئەوەی خوا فەرمانی پێکردبوو ، جگە لەوەش من لە دونیـادا لەوانە بـووم کە گاڵتەیـان دەد بەفەرمـانی خـوا و کتێـب و پەیـامبەرەکەی و بە

بـاوەڕدارانیش . یـان دەڵێـت : ئەگەر خـوا ڕێنمـوی بکـــردایەم بـــۆ ئـــاینەکەی ئەوا مـــن لە تەقواکـــاران و خۆپارێزەران دەبووم لە هاوەڵبڕیاردان و تاوان . یاخود کاتێـك کە سـزای خـوا دەبینێـت چـواردەوری داوە و دەربـــازبوونی نـــیە لە دوارۆژدا دەڵێـــت : خۆزگـــا گەڕانەوەیەکم هەبوایە بۆ ژیـانی دونیـا ، جـا ئەو کـاتە دەبـــووم بەیەکێـك لەوانەی کە بەچـاکە و گـوێڕایەڵی پەروەردگاریـان دەبـن و کـاروکردەوەش دەکەن بەوەی کە فەرمانیان پێکراوە لەلایەن پەیامبەرانەوە .

## دەوڵەمەندیت پێش هەژارکەوتنت

چەند زۆرن ئەو دەوڵەمەندانەی کە هەژاری و نەبوونی هێرشی بۆ هێنا پێش ئەوەی کۆگاکانی ئاخیرەتی پڕبکات. گوێی نەدەدا ئاخۆ لە چ مامەڵە و سەودایەك ماڵ و سامانەکەی کۆدەکاتەوە، هەردەم سەرقاڵی ماڵ سەرفکردن بوو لەڕێگای ئارەزوو و حەزەکانیدا و کەچی لەهیچ بوارێکی چاکە و پەیوەست بەدوارۆژەوە هیچ پشکێکی لە پارەکەی سەرف نەدەکرد، ئەمە لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (لاَ تَزُولُ قَدَمَا عَبْدٍ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ أَرْبَعٍ : ... وَعَنْ مَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ وَفِيمَا أَنْفَقَهُ ؟)

واتە : هەردوو پێی هیچ عەبدێك نـییە لە ڕۆژی قیامەتدا هەنگاو بنێت تاوەکو پرسیاری چوار شتی لێنەکرێت: جا یەکێک لەوانە : سەبارەت بە پارە و ماڵەکەی چۆن پەیدای کردووە و لە چیدا خەرجی کردووە ؟[١]

ئەم کەسە دەوڵەمەندە هەستی بەم ڕاستیانە نەکرد هەتا کتوپڕ دەستی بەتاڵی بەیەکدا دەکێشا و ئاە و پەشیمانی یەخەی گرتووە، حاڵی وەکو حاڵی ئەو کەسەیە وەهایە کە خوای گەورە لەم ئایەتەدا باسی دەکات و دەفەرموێت: ﴿ إِنَّا بَلَوْنَٰهُمْ كَمَا بَلَوْنَآ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ إِذْ

[١] صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٤١٧) وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٥٩٢)

أَقۡسَمُواْ لَيَصۡرِمُنَّهَا مُصۡبِحِينَ ﴿١٧﴾ وَلَا يَسۡتَثۡنُونَ ﴿١٨﴾ فَطَافَ عَلَيۡهَا طَآئِفٞ مِّن رَّبِّكَ
وَهُمۡ نَآئِمُونَ ﴿١٩﴾ فَأَصۡبَحَتۡ كَٱلصَّرِيمِ ﴿٢٠﴾ فَتَنَادَوۡاْ مُصۡبِحِينَ ﴿٢١﴾ أَنِ
ٱغۡدُواْ عَلَىٰ حَرۡثِكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰرِمِينَ ﴿٢٢﴾ فَٱنطَلَقُواْ وَهُمۡ يَتَخَٰفَتُونَ ﴿٢٣﴾ أَن لَّا
يَدۡخُلَنَّهَا ٱلۡيَوۡمَ عَلَيۡكُم مِّسۡكِينٞ ﴿٢٤﴾ وَغَدَوۡاْ عَلَىٰ حَرۡدٖ قَٰدِرِينَ ﴿٢٥﴾ فَلَمَّا رَأَوۡهَا قَالُوٓاْ
إِنَّا لَضَآلُّونَ ﴿٢٦﴾ بَلۡ نَحۡنُ مَحۡرُومُونَ ﴿٢٧﴾ قَالَ أَوۡسَطُهُمۡ أَلَمۡ أَقُل لَّكُمۡ لَوۡلَا تُسَبِّحُونَ
﴿٢٨﴾ قَالُواْ سُبۡحَٰنَ رَبِّنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ فَأَقۡبَلَ بَعۡضُهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ
يَتَلَٰوَمُونَ ﴿٣٠﴾ قَالُواْ يَٰوَيۡلَنَآ إِنَّا كُنَّا طَٰغِينَ ﴿٣١﴾ عَسَىٰ رَبُّنَآ أَن يُبۡدِلَنَا خَيۡرٗا
مِّنۡهَآ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا رَٰغِبُونَ ﴿٣٢﴾ كَذَٰلِكَ ٱلۡعَذَابُۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ
يَعۡلَمُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾ [القلم:١٧-٣٣]. واتە: بێگومان ئێمە
خەڵکی شاری مەککەمان بە برسێتی و قاتوقڕی
تاقیکردەوە ، هەروەك چۆن خاوەنی باخەکانمان

تاقیکردەوە کاتێك لە نێوان خۆیاندا سوێنیان خوارد ، سەرلەبەیانی بچن بەروبوومی باخەکەیان لێبکەنەوە و بچننەوە ، بۆ ئەوەی جگە لە خۆیان هەژاران و هاوشێوەکانیان لێی نەخۆن ، بەڵام نەیانووت : إِنْ شَآءَ اللَّهُ . هەر بۆیە خوای پەروەردگار ـ کاتێك کە ئەوان لە خەودا بوون ـ ئاگرێکی دابەزاندە سەری و سوتاندی ، و ڕەش هەڵگەڕایەوە وەکو شەوی تاریك . جا لە بەرەبەیاندا بانگی یەکتریان کرد ، بەیەکیان ووت : زوو بڕۆن بۆ باخەکانتان ، ئەگەر سوورِن لەسەر لێکردنەوە و چنینەوەی بەروبوومەکەی .

پاشان بەخێرایی بۆی دەچوون ، و بە نهێنی لە نێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد : کە ڕێگە بە هیچ هەژارێك مەدەن ئەمڕۆ بێتە ناو باخەکەتانەوە . لە بەرەبەیان و لە سەرەتایی ڕۆژەوە بۆی دەرچوون بۆ باخەکانیان بە مەبەستی خراپیان لە ڕێگری کردن لە هەژارەکان لە بردنی بەرووبوومی باخەکەیان ، وە بە گومانی خۆیان ئەوان لەوپەڕی تواناادا بوو جێبەجێکردنی . وە کاتێك کە باخەکەیان بینی سوتاوە نەیانناسیەوە و ووتیان : بێگومان ڕێگەی باخەکەمان هەڵەکردووە ، بەڵام کاتێك زانیان ئەمە باخەکەی خۆیانە ووتیان : بەڵکو ئێمە لە خێری باخەکانمان

بێبەشکراوین ، بەهۆی سوربونمان لەسەر چاوچنۆکی و ڕێگریکردن لە هەژاران ، دادوەرترنیان ووتی : ئایە پێم نەووتن بڵێن : إِنْ شَاْءَ اللَّهُ ؟ ، دوای ئەوەی گەڕانەوە سەر هۆشی خۆیان ووتیان : پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگارمان لەوەی کە ستەمەم بکات لەوەی کە توشمان بووە ، بەڵکو ئێمە ستەممان لە خۆمان ووتنی : إِنْ شَاْءَ اللَّهُ ، و مەبەستی خراپمانەوە . جا ڕویان لەیەکتر کرد و لۆمە و سەرزەنشتی یەکتریان دەکرد لەسەر نەووتنی : إِنْ شَاْءَ اللَّهُ ، و مەبەستی خراپیان ، و ووتیان : تیاچوون بۆ ئێمە بەڕاستی سنورمان بەزاند لە ڕێگریکردنماندا بۆ هەژاران ، و سەرپێچی فەرمانی

خواامان کرد ، بەڵکو خوای میهرەبان بەهۆی تەوبەکردن و دان نانمان بە تاوانەکانمان باخێکی چاکترمان پێببەخشێت لەوەی خۆمان ، بەڕاستی ئێمە تەنها بە ئومێدی لێخۆشبوونی پەروەردگارمانین ، بێگومان ئێمە تەنها پەنا ئەبەینە لای پەروەردگارمان بە ئومێدی لێبوردن و داوای خێری دەکەین . هاوشێوەی سزای ئەو خاوەن باخانە کە سزامان دان بە هەمان شێوە لە دونیا سزای هەموو ئەوانە دەدەین کە سەرپێچی فەرمانی خوای پەروەردگار دەکەن ، و ڕەزیلی دەکەن و دەستدەگرنەوە لە بەخشینی ئەو نیعمەتانەی کە خوا پێی بەخشیوە و مافی خوای

لێنادات ، بێگومان سزای دوارۆژ لە سزای دونیا گەورەتر و سەختترە ، خۆ ئەگەر بیانزانیایە ئەوا دوور دەکەوتنەوە لە هەموو ئەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی سزادانیان .

## دەست بەتاڵیت پێش سەرقاڵیت

چەند زۆرن ئەو کەسانەی کە هێشتا قورسایی بەرپرسیارێتی و ئەرکی ژیانیان لەسەر نییە یان کەمە و کاتی زۆرە و نیعمەتی زۆر لەبەردەمیدا فەراهەم کراوە، بەڵام نرخ وبەهای نازانێت و مافی نادات، بەڵکو لەبری ئەوە سەرقاڵی بەفیڕۆدانی کاتەکانێتی لە گاڵتە وگەپ و خۆشی وسەرگەرمی خۆیدا و بگرە ئاگای لەدەوروبەری نزیکی خۆیشی نییە و تەنها خۆی بەلاوە گرنگە و سەفەر وشەومانەوە وبرادەر ودەشت ودەر و مۆبایلەکەی دەستی بووەتە هەموو ژیانی و کە شتێکیشی بیردەخەیتەوە بەخۆی نازانێت و تیری ئەوە

پێکاویەتی کە دەڵێت هێشـتا مـاومە و لەمەولا دەسـت
پێدەکەم ولەبەرنامەمدا هەیە و ئەم جـۆرە قسـانە، بەڵام
لەڕاسـتیدا شـتێك نیـیە بەنـاوی داهـاتووەوە چـونکە
ئێستات داهاتووی ڕابردووت بووە وا تێیدایت کە چی
هـیچ ناکەیـت، بـۆیە باشـتر وایە بیـر لەم فەرمـوودەیە
بکاتەوە کە دەفەرموێت: { نِعمتـان مغبـونٌ فـيهما كثـيرٌ
مـن النَّـاسِ: الصِّـحَّةُ والفـراغُ } [رواه البخـاري].واتە:
دوو نـــیعمەت هەیە کە زۆرێــــك لەخەڵکـــی وەکـــو
پێویست سوودیان لـێ وەرنـاگرن وزەرەرمەنـدن تێیـدا
ئەویش : لەشساغی و دەست بەتاڵیە.

## پێنج دەستکەوتەکە

یەکێـــك لەپیاوچاکـــانی پێشـــین بەلای کـــۆمەڵە کەسێکدا تێپەڕبوو کە سەرقاڵی پێکەنین بوون بەدەنگـی بەرز و هەڵە وتـن و قسـەی نەشـیاو، ئەمـیش وەسـتا و تێڕاما و لەبەرخۆیەوە وتـی: " خۆزگـا کـات دەکـڕدرا و دەفرۆشرا، بۆ ئەوەی کاتی ئەو کەسانە بکرِم ".

جا ئەو کەسەی کە حاڵی وەهایە و پەلە ناکات بۆ تۆبە وپەشـیمان بـوونە و بەئاگانـایەتەوە ئەوا وەکـو ئەو کەسە وایە کەلەم ئـایەتەدا بـاس کـراوە: [ كَـمْ لَبِثْـتُمْ فِي الْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ ] (المؤمنـون:١١٢) واتە: پرسـیار لە سەرگەردانەکانی نـاو ئـاگر دەکرێـت : چەن لە دونیـادا ماونەتەوە و ژیاوون ؟ وە چەند گوێڕایەڵی و پەرستشـی خواتان تێیدا فەوتاندوە ؟

## ژیانت پێش مردنت

چەند زۆرن ئەوانەی مردن هێرشی بۆ هێنان و ڕاپێچی کردن پێش ئەوەی ئەمان هێرش بۆ ژیان ببەن و بیقۆستنەوە، بەشێوەیەك سەرقاڵ و ڕۆچوو بوو لە دونیادا و ئومێدەکانی وەها داگیریان کردبوو هیچ سوودێکی لە دونیای وەرنەگرت جگە لەو خواردنەی کە بووبەپاشەڕۆ و ئەو جلەی کە دارِزا، هەر بە ئاگا نەهاتەوە هەتا خۆی بینیەوە وا لە نێو سەربازگەی مەرگدایە و بارمتەی کردەوەکانێتی، و زمانی حاڵیشی دەڵێت: [ رَبِّ ارْجِعُونِ (٩٩) لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحاً فِيمَا تَرَكْتُ [المؤمنون:٩٩،١٠٠] واتە: کە مردن دێت

بەسەریاندا ، وە ئەوەی کە بۆی ئامادەکراوە لەسزا دەیبینێ ، دەڵێ : پەروەردگارم بمگەڕێنەوە بۆ ژیانی دونیا . بەڵکو ئەوە بەدەست بێنم کە لەدەستم چوو لە باوەڕهێنان و گوێڕایەڵی . بەڵام ئەوەی بۆ نیە ، و وەڵام نادرێتەوە بۆ ئەو داواکارییەی ، و مۆڵەت نادرێت ، بەڵکو ئەوە تەنها وتەیەکە هەر بۆ خۆی دەیلێت و هیچ سودێکی پێ ناگەیەنێت ، و ئەو ڕاستگۆ نیە تێیدا ، وە ئەگەر بگەڕێنرێتەوە بۆ دونیا ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتانەی کە یاساغی و قەدەغەی لێکرابوو ، وە مردووان لەژیانی بەرزەخدا دەمێننەوە ، ئەو بەرزەخەی کە لەنێوان دونیا و دواڕۆژدایە تاکو ڕۆژی زیندوبوونەوە و گەڕانەوە .

ئەی ئەو گەنجەی کە لاوێتیەکەت سەرسامی کردوویت و لەخۆڕازیبونت لەناوی بردویت، ئەی نازانیت چارەنووسی گەنجیت پیربوون و بەساڵاچوونە، ئەی نازانی مردن لە بۆسەدایە، وەکو تیرێکە ولە کەوان دەرچووە پیر وگەنجیش دەپێکێت، سوپاسی خوا بکە کە ئەمڕۆ بەرت نەکەتووە، تۆ چوزانی ساتێکی تر چیت بەسەردێت، بەدووری مەزانە ئەمڕۆ کۆتا ڕۆژت بێت، خۆزگە دەمزانی لەکاتی سەرەمەرگدا ئاوات بەچی دەخوازی، ئاخۆ دەبێت گۆرانیەك بێت کەبتەوێ گوێبیستی بیت یان پێکێك مەیەو دەتەوێ بیخۆیتەوە وەکو جاران وەیاخود

ئافرەتێکە و ئاواتی گەیشتنت پێی هەیە، یـان ئەوەیە کە لە قورئانـدا بـاس کـراوە: [ رَبِّ ارْجِعُـونِ (٩٩) لَعَـلِّي أَعْمَلُ صَالِحاً فِيمَا تَرَكْتُ [المؤمنون:٩٩،١٠٠].

ئەی ئەو پیـــــرەی کەوا لە لێـــــواری مەرگ و گۆڕدای،ئەوەتا خوا شـەرمت لـێ دەکـات لەبەر مـوو سـپێتیەکەت، جــا ئایــا تۆشــەرمی لــێ دەکەیــت، ئاگادارکەرەوەی خواییت بۆ هات و هـیچ بیانویەکـت بەدەســتەوە نیـیە چـونکە پێـت ڕاگەیەنـراوە: [ أَوَلَـمْ نُعَمِّـرْكُم مَّـا يَتَـذَكَّرُ فِيـهِ مَـن تَـذَكَّرَ وَجَـاءكُمُ النَّـذِيرُ [غافر:٣٧]، واتە: ئایا مۆڵەتمان نەدان لە ژیانی دونیادا ، و بە ئەندازەیەکی باش تەمەنمان پێ نەبەخشـین ، کە

ئەوەی بیویستایە پەند وەربگرێـت وەری دەگـرت ، وە پەیامبەریشتان بۆ نەهـات ؟ کەچـی بیرتـان نەکـردەوە وپەندتان وەرنەگرت ؟

ئـــاخۆ چاوپێکەوتنـــت چـــۆن دەبێـــت بـــۆ نێردراوەکانی پەروەردگـارت، و ئەو کـاتەی دەیـانەوێ بتبەن تۆ چیت پێ دەکرێت و وەڵامـت چـی دەبێـت، ئەی پیر وبەساڵاچوو وەسیەتم بـۆت ئەوەیە کە خـۆت ئامادەبکەیت بۆ دیدار و چاوپێکەوتن هەتا زیندوویت و لەژیانــدایت، پشــتێنی ئــیمان ببەســتە بەڵکــو بە سەلامەتی بگەیتەوە پەروەردگارت.

ئەی ئەو کیـژەی کە سەرسـامیت بە جـوانی و ڕێکـــــی جەســـــتەت، و بەدوای جلـــــی ڕازاوە وخۆدەرخستنەوەیت، سەرقاڵی تیڤی و گۆڤار و فەیس بووك و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیت، ئایا پێت خۆشـە ئەمە ژیانت بێت و بەم شێوەیە بگەیـتە پەروەردگـارت، ئایـا فەرمـــوودەی " **الكاســيات العاريــات، المــائلات المميـلات** "ت بەرگـوێ نەکەوتـووە، ئەوانەی کە نەك هەر ناچنە بەهەشتەوە بەڵکو بۆنی بەهەشتیش نـاکەن، ئایـا بیـرت لەوە نەکـردۆتەوە کە زۆربەی خەڵکـی نـاو دۆزەخ بریتین لە ئـافرەت، جـا هەر ئێسـتا فریـاکەوە و تۆبە بکە و بگەڕێوە لای پەروەرگاری میهرەبانت.

خوشکە دەسا قـۆڵی لـێ هەڵـماڵە و پەلەبـکە، بـزانە کە دونیـا لەسـەر ئەم شـێوەیە بەردەوام نابێـت، ومردن دەکەوێتە نێوان تـۆ و ئاواتەکانـت، خـوا مـن و تۆش سەرکەوتوو بکات بۆ کردەوەی چاك.

**لە کۆتاییـدا...** برام پێش لاچوونی ئەم پێنوسـە لەنووسین بیرت دەخەمەوە لە لاچوونی تەمەن، چـۆن خوێنـدنەوەی ئەم نووسـینەت تەواوکـرد، تەمەنـیش هەربەو شێوەیە تەواو دەبێت، پرسیار لەخۆت بکە بەچ شتێکەوە دەگەیتە پەروەردگارت؟ وەڵامت چی دەبێـت کاتێك لەبەردەم خوادا وەستاویت ولێـت دەپرسـێت: " ئەی بەندەکەم، ئایـا لەشسـاغم نەکردیـت، ئایـا ڕزقـم

نەدایت و ئاوی ساردم پێ نـۆش نەکـردی ؟ " حاڵـت چۆن دەبێت ئەو کاتەی کە تاوانەکانت هەمـوو پیشـان دەدەن و تۆش دانی پێدا دەنێیت؟ سوێند بەخوا زەلیلی ئەو حـاڵەتە و ئەوسـاتە وەخـتە ئەوە خـودی سـزایە چ جای ئاگری دۆزەخ؟! بەڵام بۆ ئەوەی بێ ئومێد نەبیت وبگەڕێیتەوە لای پەروەردگارت وا پێغەمبەری ئازیزمان هەواڵی ئەو کاتەمان دەداتێ و دەفەرموێت: ( يا عبـدي سترتُها عليكَ في الدُّنيا وأَنا أغفِرُهـا لَـكَ اليـومَ ).واتە: ئەی بەندەکەم من لەدونیـادا تاوانەکـانتم شـاردبووەوە و ئەمڕۆش لێت خۆش دەبم لێیان.

جا ئایا بـرام کـاتی بەخۆداچـوونەوە نەهـاتووە پێش ئەوەی هەناسەت نەمێنێت، تۆ نازانی کە لەنێـوان تۆ و مەرگدا تەنها یەك هەناسـەیە، کە نەهـاتە سـەرەوە ئەوە کۆتـاییتە؟ خـوای گەورە دەفەرموێـت: [كَـلَّا إِذَا بَلَغَـتْ التَّرَاقِـيَ (٢٦) وَقِيـلَ مَـنْ رَاقٍ (٢٧) وَظَـنَّ أَنَّـهُ الْفِرَاقُ (٢٨) وَالْتَفَّـتِ السَّـاقُ بِالسَّـاقِ (٢٩) إِلَى رَبِّـكَ يَوْمَئِـذٍ الْمَسَـاقُ [القيامـة:٢٦-٣٠]. واتە: بەڕاسـتی کاتێك کە ڕوح گەیشتە سەروی سنگ ، و هەنـدێك لە ئامـادەبووان بەیەك دەڵـێن : ئایـا چارەسـەرکارێك نـیە شـتێکی بەسـەردا بخـوێنێتەوە و چارەسـەری بکـات لەوەی تیایدایە ؟ بەڵام ئەوەی لە سەرەمەرگدایە دڵنیایە

کە ئەوەی تووشــی بــووە ســاتە وەختــی بەجێهێشــتنی دونیایە ، بەهۆی بینینی بۆ فریشتەی گیـان کێشـان ، و سەختی کۆتایی دونیـا گەشــت بە ســەختی ســەرەتای دوارۆژ ، ڕاپێچکردنــــی بەدیهێنراوەکــــان لە دوارۆژدا تەنها بۆ لای خوای پەروەردگارە : یان بۆ بەهەشتە یان بۆ ئاگر .

وفقني الله وإياكم لما يحب ويرضى.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

## ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org walamakan.com